# فیقهی ئاسان: پەرتووکی مامەڵەکان: دەروازەی چوارەم: لەبارەی ڕەهنەوە

الفقه الميسر: كتاب المعاملات: الباب الرابع : في الرهن

< kurdish - كردي - کوردی >


دەستە بژێرێک لە زانایان

نخبة من العلماء



وەرگێڕانی: حاجی ئومێد عومەر چرۆستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : أوميد عمر علي الجروستاني

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# فیقهی ئاسان : پەرتووكی مامەڵەكان: دەروازەی چوارەم: لەبارەی ڕەهنەوە

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان وە درود وصەڵات وسەلام بۆ سەر موحەمەدی كوڕی عەبدوڵلا و ئال وبەیت و یار ویاوەر و شوێنكەوتوانی هەتا هەتایە .

خۆشەویستان بەیارمەتی خوای گەورە لەم ووتارەدا لەبارەی ڕەهنەوە باسی دوو بابەت دەكەین، بابەتی یەكەم : پێناسەی ڕەهن و بەڵگەكان لەسەر مەشروعیەتی، بابەتی دووەم : هەندێك حوكمی پەیوەست بە ڕەهنەوە .

### بابەتی یەكەم : پێناسەی ڕەهن و بەڵگەكان لەسەر مەشروعیەتی :

مەبەست لە ڕەهن : دانانی ماڵێك یان كەلوپەلێكە كە نرخ وقیمەتێكی هەبێت، وەك بارمتە ومتمانەیەكە بۆ ئەو قەرزەی وەردەگیرێت لەكەسێكی تر، تاوەكو ئەگەر هاتوو قەرزارەكە نەیتوانی قەرزەكەی بداتەوە، لەو ماڵەی كە وەك بارمتە دانراوە خاوەن قەرز نرخ وقیمەتی قەرزەكەی لێ هەڵبگرێتەوە .

ڕەهن دانانان كارێكی مەشروع و ڕێگا پێدراوە، ئەصڵ لە مەشروعیەتەكەیشیدا ئەو ئایەتە پیرۆزەیە كە خوای گەورە لە قورئاندا فەرموویەتی : ﴿وَإِن كُنتُمۡ عَلَىٰ سَفَرٖ وَلَمۡ تَجِدُواْ كَاتِبٗا فَرِهَٰنٞ مَّقۡبُوضَةٞ﴾ [البقرة: ٢٨٣ ] .

واتا : ئەگەر لە سەفەرێكدا بوون و قەرزتان دا بە كەسێك و، نووسەرو شایەتتان دەست نەكەوت، ئەو كاتە بۆ دڵنیا بوون دەتوانن شتێك بە ڕەهن لە جیاتی قەرزەكە لە قەرزارەكە وەربگرن .

لە ئایەتەكەشدا كاتێك باسی ڕەهن وەرگرتنی كردووە لە سەفەردا، چونكە زۆربەی جار عادەتن مرۆڤ لەسەفەردا كەسێكی دەست ناكەوێت ببێت بە شاهید، بۆیە خاوەن قەرز پەنا دەباتە بەر ڕەهن وەرگرتن، بۆیە بەڵگە نیە لەسەر ئەوەی كە ڕەهن وەرگرتن تەنها لە سەفەردا مەشروع بێت .

چونکە لە سوننەتدا بەڵگەمان هەیە لەسەر مەشروعیەتی ڕەهن وەرگرتن لە کاتی غەیری سەفەردا، عائیشەی دایکی باوەڕداران (خوای لێ ڕازی بێت) دەیگێڕێتەوە ودەڵێت : {أن النبي -صلى الله عليه وسلم - اشترى طعاما من يهودي إلى أجل، ورهنه درعا من حديد} [1] .

واتا : پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) خواردنی لە جولەکەیەك کڕی بۆ ماوەیەك کە پاشتر پارەکەی بداتێ، بۆیە زرێ جەنگیەکەی لەڕەهندا دانا بۆی .

**بابەتی دووەم : هەندێک حوکمی پەیوەست بە ڕەهنەوە :**

1-ئەو کاڵایەی کە کڕین وفرۆشتنی دروست نیە، بە هەمان شێوە دروست نیە بکرێتە ڕەهن وبارمتەیش، وەك سەگ و ماڵی وەقف، چونکە وەفای قەرزەکەی پێ ناردێتەوە، وە ماڵیکیش کە خاوەنی نیت ناکرێت بەڕەهن .

2-مەرجە لەکاتی ڕەهندا، ئەندازە و شێوە وصیفەتی ڕەهنەکەی زانراو بێت .

3-دەبێت ئەو کەسەی کە ماڵەکە بەڕەهن دادەنێت، لەو کەسانە بێت کە دروستە تەصەڕوف بەو ماڵەوە بکات، یان خاوەنی بێت، یان ڕێگا پێدراو بێت لە لایەن خاوەنەکەیەوە .

4-دروست نیە ئەو کەسەی کە ماڵەکەی لە ڕەهندا داناوە، بەبێ پرسی خاوەن قەرزەکە تەصەڕوف بە ماڵە بە ڕەهن دانراوەکەوە بکات، هەروەك چۆن دروست نیە خاوەن قەرزیش بەبێ پرسی خاوەن ماڵەکە (ڕاهینەکە) تەصەڕوف بەو ماڵەوە بکات .

5-دروست نیە خاوەن قەرز سوود وئیستفادە لە ماڵی بە ڕەهن دانراوەوە بکات، لە کاتێکدا نەبێت ماڵە بەڕەهن دانراوەکە ووڵاخێك یان لەو شتانە بێت کە سواری دەبێت یان شیری دەخورێت، ئەگەر لەو شتانە بوو، وە خاوەن قەرزەکە نەفەقەکەی دەدان، وەك ئەوەی عەلەفە و ئالیکی ووڵاخەکە یان ئاژەڵەکەی دەدا ئەوا دروستە سوود و ئیستفادەیان لێ بکات .

6-ماڵی لە ڕەهندا دانراو، ئەمانەتە لەدەستی خاوەن قەرزدا، بۆیە زامنی فەوتانی نیە مەگەر کاتێك نەبێت کەمتەرخەمی بکات لەپاراستنیدا، جا ئەگەر کاتی دانەوەی قەرزەکە هات، ئەوا واجبە

---

(1) بوخاری وموسلیم هاوڕان، بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (2068) وموسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1603) ڕیوایەتیان کردووە، لەفزەکەش لەفزی موسلیمە .

قەرزارەکە قەرزەکەی بداتەوە، جا ئەگەر نەیدایەوە ئەوا قازی ودادوەر زۆری لێدەکەن بۆ دانەوە، خۆ ئەگەر هەر نەیدایەوە ئەوا زیندانی دەکرێت و سەرزەنشت و تەمێ دەکرێت بەو شێوەیەی کە دەسەڵات و دادەوەر بە گونجاو وباشی دەزانن، بۆ ئەوەی وەفا بکات بە دانەوەی قەرزەکەی، یان ماڵە بە ڕەهن دانراوەکەی دەفرۆشرێت و قەرزەکەی لێ دەدرێتەوە .

تا بەیەك گەیشتنەوەیەکی تر بۆ پێشکەش کردنی بابەتێکی تر لەبارەی مامەڵە داراییەکانەوە، بەخوای گەورە و میهرەبانتان دەسپێرم، وخواتان لەگەڵ .

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم